**له یادی ٣٨ساڵەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە**

**خوشکان برایان .... ئامادەبووانی خۆشەویست**

**هەموو لایەك بەخێر بێن**

**٣٨ ساڵ لەمەوبەر, رژێمی بەعسی فاشی, یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە هاووڵاتیانی شاری هەڵەبجە ئەنجامدا, بە چەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکرد, هەڵەبجە بووە شاری زۆرترین قوربانی هاووڵاتی سڤیل لە مێژووی مرۆڤایەتیدا, ئێمە لەم یادە غەمناکە و لەم یاداوەرییە تاڵەدا, بۆ پشتیوانی لە قوربانیانی چەکی کیمیاوی کۆمەڵێك داواکاری دەخەینە بەردەم رای گشتی و حکومی .**

١-**پێویستە حکومەتی عێراقی بە فەرمی داوای لێبوردن لە قوربانیانی چەکی کیمیاوی و خەڵکی هەڵەبجە بە تایبەتی و هەموو قوربانیانی جینۆساید بە گشتی لە کوردستان و عێراق بکات.**

٢-**پێویستە حکومەتی عێراقی قەرەبووی زیان لێکەوتانی چەکی کیمیاوی و جینۆساید و تاوانەکان بکاتەوە.**

٣-پێویستە پشتیوانییە داراییەکان لە قوربانیانی چەکی کیمیاوی زیاد بکرێت و لیستی موچەکانیان ئاشکرا بکرێت.

٤-پشتیوانی لە هەموو هەوڵێك دەکەین بۆ دادگاییکردنی ئەو کەس و کۆمپانیانەی چەکی کیمیاویان بە رژێمی پێشوو فرۆشتووە.

٥-پێویستە هەنگاوی پەلە بنرێت بۆ دادگاییکردنی هەموو ئەوانەی بەشداربوونە لە کیمیابارانکردنی هاووڵاتیانی سڤیل لە کوردستان بە تایبەتی و تۆمەتبارانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بە گشتی.

٦-پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵام بە داواکاری قوربانیانی خەڵکی شاری هەڵەبجە و قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان بداتەوە لە چارەسەرکردنی برینداران, دابینکردنی دەرمان بە خۆڕایی, بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئابوورییەکانی لە دابینکردنی خانوو بۆیان, گەڕاندنەوەی روفاتی ئەنفالکراوانیان و ناسینەوەیان, گەڕاندنەوەی منداڵە ونبووەکان و خێراکردنی رێکارە یاسایی و پشکنینەکانیان, زیادکردنی هاوکاری بریندارانی چەکی کیمیاوی..... هتد.

٧-پشتیوانی هەر هەڵوێست و داواکارییەکین کەسوکاری قوربانیانی شاری هەڵەبجە داوای بکەن.

٨-داواکارین هەموو فایل و دۆکۆمێنتەکانی ئەم تاوانە ئاشکرا بکرێت و بۆ رایگشتی بڵاو بکرێتەوە.

**له كۆتاييدا سەری رێزو نەوازش لەم یادە تاڵە بۆ قوربانیانیانی شاری هەڵەبجە دادەنوێنین و یادو یادەورییان بەرز رادەگرین .**

**رێكخراوەكان**

**-رێكخراوی كوردستان بێ جینۆساید-kwg**

**-تۆڕی رێكخراوە كوردستانییەكان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc**

**-تۆڕی ئایكان كوردستان –IKN**

**-رێكخراوی قەدەغەكردنی چەكی كۆكوژ لە كوردستان –OAWMD**

**-رێكخراوی هەڵمەتی دادپەروەری –OJC**

**-رێكخراوی جیهانی بێ چەكی كیمیاوی و بایەلۆجی-WWW**

**-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە كوردستان**

**-گۆڤاری تۆبزاوە**

**-رۆژنامەی نگرە سەلمان**

**- رێكخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالكراوان**

**-كوردۆساید وۆچ-چاك كوردستان**

**- تۆڕی رێكخراوە كوردستانییەكان بۆ قەدەغەكردنی چەكی ناوكی و كۆكوژ لە كوردستان-KONW**

**-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە كوردستان**